پیرۆزبایی

بسم الله الرحمن الرحيم

**بەڕێز: سکرتاریەتی**
**یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامیی کوردستان**
**بابەت: بروسکەی پیرۆزبایی**

بەبۆنەی (١٥)هەمین ساڵیادی دامەزراندنی ڕێکخراوە تێکۆشەرەکەتان (یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامیی کوردستان) جوانترین پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی ئێوەو سەرجەم ئەندامانو لایەنگرانتان دەکەین.. هیواداریین ساڵی نوێتان سەرەتای قۆناغێکی پڕ کارو چالاکیو پێشکەشکردنی پرۆژەی زیاترو باشتربێت لەبواری خزمەتکردن بە ئافرەتانی کوردستاندا..

لەم بۆنەیەدا جێگای خۆیەتی رۆڵی ئیسلاحخوازیتان بەرز بنرخێنین کە لەماوەی پانزە ساڵی کاری ڕێکخراوەیتاندا توانیوتانە جێپەنجەی خۆتان بنەخشێنن لە بەهێزکردنی بەها کۆمەڵایەتیەکانو سەقامگیری خێزانو کاراکردنی رۆڵی ئافرەت لەکۆمەڵگەی کوردستانیدا، هەروەها وەک داکۆکیکارێکی دڵسۆزو کارامە لەمافەکانی ئافرەتو رەواندنەوەی بەشێکی زۆر لەو تەمومژو تێگەیشتنە نادروستو نەخوازراوانەی کەبەناوی ئیسلامەوە تێکەڵ بەدابونەریتو تێڕوانینی کۆمەڵگە بووە لەبارەی ئافرەتەوە، ئەویش لەچوارچێوەی دیدێکی هاوسەنگ لەنێوان رەسەنایەتیو هاوچەرخیبووندا..

جارێکی تر هیوای ئایندەیەکی گەشو رووناکو گەشەدارتان بۆ دەخوازین.

**مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان ٢٠٠٩/١٠/٢٥**

# پاشماوە...

لەبوارەکانی هۆشیاری کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریی گشتیشدا، هەمیشە لەهەوڵی دەستنیشانو چارەسەرکردنی کێشەکاندا بووە، بۆ ئەم مەبەستەش دەیان کارو پرۆژەو توێژینەوەی زانستی ئەنجامداوەو چەندین لێکۆڵینەوەو نامیلکەی بڵاوکردۆتەوە.

لەبواری بەتواناکردنی ئابووری ئافرەتانیشدا، دەیان کەس لە کارو پرۆژەو خولەکانی دەستڕەنگینی خوشکان، سوودمەندبوونو توانیویانە لەڕێی کاری دەستی خۆیانەوە، ئاستی ئابووری خۆیانو خێزانەکانیان، بەرزبکەنەوە.

بۆیە جێی خۆیەتی لەساڵیادی ڕاگەیاندنی ڕێکخراوەکەماندا، سوپاسو پێزانینو دەستخۆشی ئاڕاستەی سەرجەم خوشکانی ماندوونەناس بکەین کە سەرەڕای بوونی چەندین ئەرکی کۆمەڵایەتیو پیشەیی، بێوچان لە خزمەتی توێژەکەیاندا بوونو بە کارو چالاکیو پرۆژەی بەسوودیان، خزمەتی ڕاستەقینەیان پێشکەش بەئافرەتانو کۆمەڵگە کردووە. لە ساڵیادی ڕاگەیاندنیشدا، (یەکگرتووی خوشکان) جەختدەکاتەوە لەسەر:

* پێویستی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری سیاسی ئافرەتان، تابتوانن ڕۆڵی کاریگەر لە پرۆسەی سیاسی وڵاتدا، بگێڕن، بەتایبەتیش لە پرۆسەکانی هەڵبژاردندا وەک دەنگدەر پاڵێوراوو چاودێرانی پرۆسەکە.

* پێویستی برەودان بەئاستی هۆشیاری یاسایی ئافرەتانو ئاشناکردنیان بە ئەرکو مافەکانیان لە هەردوو بواری شەرعیو یاساییدا.

* برەودان بەهۆشیاری کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەو کارکردن بۆ نەهێشتنی تیرۆرو توندوتیژیو گەشەدان بەزمانی دیالوگو ناتوندوتیژی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، لە ناوەوەو دەرەوەی خێزاندا.

* پابەندبوون بە گیانی پێکەوە ژیانو هاریکاریکردنی ڕێکخراوەکانو کارکردن لەسەر خاڵە هاوبەشەکان، تابەهەموان خزمەتی ڕاستەقینە بە ئافرەتان بکەین.

* بەردەوامی لەهاریکاریکردنی دەزگا حکومیو پەیوەندیدارەکان لەو مەسەلانەی کە پەیوەستن بە ئافرەتانەوە.

* گرنگی پاراستنی قەوارەی خێزانو گەشەدان بە بەهاو پەیوەندییە مرۆییە بەرزەکان لەنێوان ئەندامەکانیدا، تا کۆمەڵگەیەکی ئاسودەو گەشەسەندوو، فەراهەمبهێنرێت.

* گرنگی کارکردن لەسەر کەناڵە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن، تا خۆیان لە گوتاری جەستەی ئافرەت بەدوور بگرنو برەو بە زمانی هۆشو بیر بدەنو لەو ڕێیەشەوە پێگەی لەکۆمەڵگەدا، بەهێز بکەن. جارێکی تر ساڵیادی یەکگرتووی خوشکان پیرۆز بێت، هەر شەکاوە بێت دروشمەکانی (چاکسازی، خێزان، گەشەپێدان).

**یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان**
**مەکتەبی سکرتاریەت**

پیرۆزبایی

# گشت بەڕێزانو ئازیزانو ئەندامانی یەکگرتووی خوشکان..



زۆر بەگەرمی پیرۆزبایی ساڵیادی ڕاگەیاندنی یەکگرتووی خوشکان لەهەموو ئەندامانو لایەنگرانی خوشکان دەکەم، دەخوازم لەپەروەردگار کەئەمساڵو هەموو ساڵانی داهاتوو بە سەرکەوتوویی پەرەسەندن بەسەربەرن، وەک هەردەم خوشکان کاراو دەستپێشخەربوون لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییو بە دیهێنانی بیری هاوچەخی ئیسلامی لە کارەکاندا، هیوادارم هەر بەردەوام بن لەسەر پەیمانیو هاوکاریکردنیو هۆشیارکرنەوەی ئافرەتاندا.

لەم دوورە وڵاتو دوور لە ئێوەی ئازیزو خوشەویستانەوە، پیرۆزبایی ئەم یادەتان لێدەکەم، یادکردنەوەی ئەم بۆنەیە مانایەکی زۆر گەورەو پیرۆزی هەیە، یادەوەری خەباتو کۆششو توانستم وەبیردێنێتەوە، یادی خوشکایەتیو لە خۆبردوویيو هاوڕێیەتی بەرزم بیردەهێنێتەوە.

لەسەرەتای ئەم کاروانەدا، کۆمەڵە خوشکێکی دڵسۆز هەموو ئاسوودەییو خۆبەختییەکمان لە پێشکەشکردنی زۆرترین خزمەتگوزاریدا دەبینیەوە، یادی خوشکان یادی ڕاگەیاندنی ڕۆژێکی هەرە گەورەیە، ئەو ڕۆژەیە کە هەموو خوشکان پەیمانیان لەسەر گۆڕانو بەرەوپێشچووندا و بڕیاریاندا کە چیتر نابێت ئافرەت بەپلە دوو سەیر بکرێتو پێویستە هەموو جیاکاریەک لە دژی ئەوان بوەستێنرێت.

بێگومان هاتنە مەیدانی خوشکان بەو بیروباوەڕە بەرزەوە گەورەترین خزمەتی بەبیری ئیسلامی بەگشتیو ئافرەتان بەتایبەتی پێشکەشکرد، بەر لە کاری ئیسلامی خوشکان بە جۆری زۆر ناشایستە دەڕوانرایە ئەو دوو چەمکە، وادەزانرا هەرگیز بیری پێشکەوتنخوازی ئافرەتانو بیری ئیسلامی پێکەوە ناگونجێن، هەمیشە ئیسلام بە هۆکاری دواخستنی ئافرەتان لە کوردستاندا دەدرایە قەڵەم، بەڵام دوای ئەو هەنگاوە بەرز و ناوازەیەی خوشکانو پاش خۆسەلماندن ئیدی کەس ناتوانێت تەنها وشەیەک لەسەر تیکەڵاوبوونی بیری ئیسلامی کاری خوشکان بڵێت، خوشکان لە ماوەی ١٥ ساڵدا توانیان بە ڕادەیەکی زۆر تیروانینی خەڵک بەرامبەر ئافرەتو ئیسلام بگۆڕن، چونکە شانبەشانی هەموو ئەو هەوڵو تێکۆشانەی کە خوشکان بۆ بەڕێوەبردنی ژنان دەیکەن لە هەمانکاتدا لەهەوڵی بەدیهێنانی خود دان، لەهەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی رۆشنبیری خۆشیاندان.

خوشکان لە هەر شوێنێکی ئەم دونیا فراوانەدا ببن دەبنە مەشخەڵو ڕەمزی تێکۆشان، ڕۆچوون لە بیرو وەدەستهێنانی بروانامەی بەرز وەرگرتنی زانستو زانستخوای هەمیشە سیمایەکی خوشکان بووە، خوشکان هەردەم وەک تینوویەکی زانست وەدەرکەوتوون، وەک ئافرەتێکی ڕۆشنفکر سەیر دەکرێن. هەربۆیە پێویستە هەموو شانازی بەبوونی ڕێکخراوێکی وەک یەکگرتووی خوشکانەوە بکەین، چونکە هەردەم قوتابخانەیەکە بۆ بەرهەمهێنانی ئافرەتی هۆشیار و سەرکەوتوو.

هەر پیرۆز و بەرزبێت ساڵیادی ڕاگەیاندنی یەکگرتووی خوشکان.

**خوشکی دوورە وڵاتتان: هەتاو محەمەد ساڵح، مالیزیا**

پیرۆزبایی

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

پاش سڵاوو ڕێزو پیرۆزبایم بۆ خوشکانی ئازیزم، سکرتێرەی یەکگرتووی خوشکانو سەرجەم خوشکانو هاوڕێو هاوکارانم لەیەکگرتووی خوشکانو ڕۆژنامەی ئایندەی خۆشەویست.

خۆم بەخۆشحاڵ دەزانم کە ساڵانێک منو هەزاران خوشکی کوڵنەدەر لەناو ئەم ڕێکخراوە ماندوونەناسەدا، خزمەتمانکردو خزمەتی کردین، شەوانەو ڕۆژی بەبوونو بەنەبوون بەپێو بەسەیارە شارەوشارو گەڕەک بەگەڕەک تا سەردانی نەخوشێ یان چارەسەری گرفتێ یان بەشداری لەگەڵ خەڵکو ڕێکخراوەکانی تردا بۆ دژایەتیکردنی توندوتیژی دژی مرۆڤایەتی بەگشتیو ئافرەتان بەتایبەتیو بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەکۆڕو کۆبوونەوەکاندا بۆ گەڕانەوەی ئومێد بۆ بێئومێدانو ڕزگارکردنیان لە بڕیاری نادروست، هاندانی نەخوێندەواران بۆ خوێندنو خوێندەواران بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی باڵاترو هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری ژنانو کارکردن بۆ گەڕانەوەی مافەکانی ژنان بەڕێگەی جیاجیاو بەپێی توانا.. دەیان کاری جوانو پڕسەروەری...



لەم ڕۆژەدا دەستی ماندووی خوشکانی ئازیزم لەسەرجەم شارو شارۆچکەکان تووند دەگوشمو ناوچەوانی کچانو خوشکانو قوتابیان ماچ دەکەمو دەڵێم: پەیمانبێ تادواهەناسەمو بەپێی توانام کاربکەم بۆ سەرجەم هاوڵاتیانی کوردستان بەگشتیو ئافرەتان بەتایبەتیو شێرە ژنانی قوربانیانی ئەنفالو کیمیاباران بەتایبەتی تر.

جارێکی تر ئەم یادە لەخۆمو سەرجەم ئەندامو دۆستو لایەنگرانی ڕێکخراوە ئازیزەکەم دەکەم.

**ناسک توفیق عبدالكريم**
**ئەندام پەرلەمانی کوردستان**